# یاسایەکی توند دژی جگەرە کێشان



ئەوەی شایانی باسە لە ئەنجامی ئەو زیانە گەورە و گرانە ئابووری و تەندروستییانەی لە هۆی جگەرەکێشانەوە دروست دەبێت هەندێك وڵات بڕیاریاندا جگەرە کێشان لە چێشتخانەو بارو شوێنە گشتییەکاندا قەدەغە بکرێت .

لە ڕۆژی 10ی جەنیوەری 2005  ئیتالیا یاسایەکی زۆرتوندی دژی جگەرە کێشان هەموارکرد ئەویش بریتییە لە :

– ئەو کەسانەی لە چێشتخانە وبار و ئوتێل و ئێستگەی شەمەنەفەرو فرۆکەخانە و شوێنە گشتییەکاندا جگەرە بکێشێت ئەوا بەلایەنی کەمەوە دەبێت 27 یۆرۆ بدات بە پۆلیسی مەدەنی بەرپرس کە ئەمرۆ کەوتونەتە کار بۆ ڕێزگرتن لە یاسا نوێکە .

– گەر بێت و مرۆ لەو شوێنانەدا جگەرە بکێشێت کە منداڵ و سکپری تیادایە ئەوا بە لایەنی کەمەوە 275 یۆرۆ ی لێدەسێنرێت .

ئەوەی شایانی باسە نزیکەی 14 ملیۆن جگەرەکێش لە ئیتالیادا هەس .

**سەرچاوە:**

سوود لە ڕۆژنامەی Dagens Nyheters، ڕۆژی 10 ی جەنیوەری 2005 . ستۆکهۆڵم ەوە وەرگیراوە